**شێرکۆ کەریم:**
**یاریزانی یانەی گەراسوپەر زیورخی سویسری**

# خۆشحاڵم کە یانەکانی کوردستان گرنگیی زیاتر بە یاریزانەکانی خۆمان دەدەن



شاری کەرکوک هەموو کات شوێنی پێگەیاندنی یاریزانانی بەتوانا بووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، چەندین یاریزانی ئەستێرە لەم شارە دروست بوون و یانەکانی تری شارەکان سوودیان لێبینیوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم شارە کە دواڕۆژێکی باش لە چاوەڕوانیدایە، شێرکۆ کەریم-ـە کە یەکێکە لە یاریزانە کوردەکانی ریزی یانەی گەراسوپەر زیورخی سویسری، پێشتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی سەورە و یانەی شورتە و هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق یاری کردووە. شێرکۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری کەرکووکە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** چۆن بوو بڕیاری ئەوەتدا عێراق جێ بهێڵیت و بچیتە یانەیەکی ئەورووپی؟**

- من هەر لە سەرەتاوە ئەو بڕیارەم دابوو کە بچمە یانەیەکی ئەورووپی، هەوڵی تاکەکەسی خۆم بوو کە قۆناغێکی تازە دەستپێبکەم، ئەویش نەك لە عێراق، بەڵکو لە ئەورووپا بێت، هیوام ئەوە بوو لە هەموو یاریزانەکانی تری عێراق جیاوازتربم، هیواکەشم هاتەدی.

*** جیاوازیی یاریکردن لە ئەورووپا و عێراق لە چیدا دەبینی؟**

- جیاوازیی زۆرە لە رۆشنبیریی تۆپی پێدا، ئەوان زۆر گرنگی بە یاریزانان دەدەن، کاری باش لەسەر یاریزانان دەکەن. ئەوەی من بینیم جیاوازی لە هەموو شتێکە، لە مەشق تەنانەت هەموو ئەرکەکانی یاریزانان ئەوان کاری لەسەر دەکەن، لە عێراق ئەو کارانە زۆر کەمە.

*** بۆچی یاریت بۆ یانە کوردییەکان نەکرد، بەتایبەتی ئێستا یانە کوردییەکان گرنگی زیاتر بە یاریزانانی کورد دەدەن؟**

- ئەوکات من لە عێراق بووم، یانە کوردییەکان زۆر گرنگییان پێ نەدەدام، ئێستاش زۆر خۆشحاڵم کە یانەکانی کوردستان گرنگیی زیاتر بە یاریزانە کوردەکانی خۆمان دەدەن، هیوادارم یانەکانی دهۆك و زاخۆ وەکو ئێستای هەولێر بن و گرنگی بە کوڕانی شارەکەیان بدەن، نەك تەنیا لە ئێستادا بەهۆی بارودۆخی خراپی داراییەوە گرنگی بە یاریزانان بدەن. هیوادارم ئەم کارانەیان بەردەوام بێت بۆ پشتگیری کردنی کوڕانی خۆیان، ئەگەر من ئێستا لە عێراق بوومایە بۆ یانەی هەولێر یاریم دەکرد، دڵخۆشم بەم بڕیارە.

***دەڵێن بڕیاری ئەوەت داوە چیتر نەگەڕێیتەوە عێراق بۆ یاریکردن؟**

-بەڕاستی لە ئێستادا بیر لە گەڕانەوە ناکەم بۆ عێراق، هیچیشم بۆ ناکرێت جگە لە دروستکردنی کێشە نەبێت کە بەردەوام بۆیان دروست دەکردم، هۆیەکەشی بۆ ئەوە بوو کە تاکە یاریزانی کورد بووم لە شاری بەغدا و کەس پاڵپشتم نەبوو، دەکرێ لێرە ئاواتەکانم بهێنمەدی، جارێکی دی بیر لە خولی عێراق ناکەمەوە.

***بۆچی لە هەڵبژاردەی عێراق دوور خرایتەوە ؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هەڵبژاردەی عێراق هەر لە خۆیانەوە کێشەیان بۆم دروست دەکرد. پێش یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ژاپۆن ناوم لە ناو ٢٣ یاریزانەکە بوو، داواکردنی منیش بە فەرمی لەلایەن یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی عێراقی گەیشتبووە یانەی گەراسوپەر، بەڵام لە ناکاو دوو ئەندامی یەکێتییەکە منیان بە بێ هۆ دوورخستەوە. کاپتن ئەکرەم سەلمان خۆی پێوەندی پێوە کردم و وتی: چ کێشەت هەیە، بۆ باسی تۆ بە خراپە دەکەن؟ من هیچ سزایەکم نەبوو، نازانم بۆچی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دژی منە.

***بیستوومانە لە یانەکانی ئەورووپا چاودێریت دەکرێت، هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش کردووی؟**

-بەڵێ یانە هەیە، بەڵام من لە خولی سویسری یاری دەکەم، دەبێت لە یانەی گەراسوپەر ئاستێکی باشم هەبێت، ئەوکات بیر لە یانەی باشتر دەکەمەوە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

-من لە ئێستادا کار لە سەر ئەوە دەکەم ئاستی خۆم زیاتر بەرز بکەمەوە، دواتریش بچمە خولێکی تری ئەورووپا بۆ ئەوەی زیاتر ئاستی خۆم بەرەو پێش ببەم.

*** یانەکانی کوردستان هەڵمەتی هێنانی یاریزانانی عەرەب دەست پێدەکەن لەسەرەتای خولەکان، بۆچوونت لەسەر هێنانی یاریزانانی عەرەب چییە ؟**

- کە لە شاری بەغدا بووم، زۆر یاریزان هەبوو ئەوەیان دەگوت ئەگەر یاریزانی عەرەب نەبێت، یانەکانی کوردستان بەڕێوە ناچێت. راستیش دەکەن، چونکە یاریزانە کوردەکان تەنیا لە خولی کوردستان یاری دەکەن، ئەمەش کارێکی زۆر خراپە، لە هەمان کاتدا هەستی پێناکەن بۆچی ئەم هەموو پارەیە بچێتە گیرفانی یاریزانە عەرەبەکانەوە کە بە هەموو ژیانیان دژایەتیی پێشمەرگە دەکەن. با یانەکانی هەولێر و دهۆك و زاخۆ دوو ساڵ کار لە سەر پێگەیاندنی یاریزانانی کورد بکەن، بیر لە داهاتووی یاریزانانی کورد بکەنەوە کە بە مووچەیەك لە خولی کوردستان یاری دەکەن، لە بەرامبەریشدا یاریزانانی عەرەب بە سەدان ملیۆن وەردەگرن و منەتیان بە هیچیش نییە، بۆیە هیوادارم چیتر یانەکانی کوردستان پشت بە یاریزانانی عەرەب نەبەستن.

*** ئەگەر توانیت ببیتە یاریزانێکی گەورە لە ئەورووپا، لە داهاتوودا کار بۆ وەرزشی کوردستان دەکەی؟**

- بە تەئکید ئەو کارە لە بەرنامەی منە بۆ ئەوەی بتوانم کاری باش بۆ وەرزشی کوردستان بکەم، چونکە هەموو شارەکانی کوردستان ماڵی خۆمن و کوڕی کوردستانم، ئەوەی لە توانامدا بێت لە خزمەتکردن بە وەرزشی کوردستان کەمتەرخەمی ناکەم.

*** لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت؟**

- بەهیوای ئەوەم بگەمە یانەیەکی گەورەی ئەورووپا بۆ ئەوەی خۆم وەکو یاریزانێکی پیشەگەری کورد بناسێنم .

*** بەچ یاریزانێك و هەڵبژاردەیەکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە هەریەك لە یاریزانان میسی و کریستانۆ رۆنالدۆ و هەڵبژاردەی بەڕازیل.

***بۆچی لە کاتی خۆی گرێبەستت لەگەڵ یانەی هەولێر مۆر نەکرد؟**

- من کاتی خۆی لەگەڵ هەولێر گەیشتمە رێککەوتن، بەڵام یانەی شورتە رێگری لەم گرێبەستەی من کرد، بۆیە ئەو کاتیش بڕیاری ئەوەم دا کە وڵاتی عێراق بەرەو ئەورووپا جێبهێڵم.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە باسی بکەی؟**

- بەهیوای ئەوەم وەرزشی کوردستان زیاتر پێش بکەوێت، دوعا بۆ برا پێشمەرگەکانم دەکەم لە سەنگەرەکانی بەرگری لە کوردستان، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی من وەکو یاریزانێك.

دیمانە: کارزان کانەبی

# رادمیل فالکاو: بڕوای تەواوم هەیە تواناکانی خۆم لەگەڵ چێڵسی بسەلمێنم

لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا و یانەی چێڵسی رادمیل فالکاو رایگەیاند بڕوای تەواوم هەیە تواناکانی خۆم لەگەڵ یانەی بلوز لەوەرزی نوێ بسەلمێنم. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی زەسەنی ئینگلیزی لەزاری فالکاو بڵاویکردۆتەوە من زۆرباشم و بڕوایەکی تەواوم هەیە و هیچ گوشارێکم لەسەر نیە تا گۆڵ تۆمار بکەم، چونکە هەموو لایەك دەزانن هێرشبەرەکان هەمیشە دەیانەوێت گۆڵ تۆمار بکەن، بەڵام من زۆر هێمن و ئارامم و لەو بڕوایەشدامە گۆڵ تۆمارکردن زۆر ئاسانە، چونکە یانەی چێڵسی هێرشبەری بەتواناو گەورەی وەك دیگۆ کۆستا و لویك ریمی هەیە کە دوو هێرشبەری زۆر بەتوانان و هیوا دەخوازم کێبڕکێیەکی بێگەرد لەنێوانمان ئەنجام بدرێت و دواتر ڕاهێنەر بڕیاری خۆی دەدات کامە هێرشبەر بەشداری یاری بکات. سەبارەت بە رکابەریەکان ئەو هێرشبەرەی چێڵسی وتی کاتێ یاری زۆر ئەنجام دەدەین ئەوا ئاستمان بەرەو پێشتر دەچێت ولەئێستاشدا ئامادەین بۆ رکابەریکردن لەسەر بەدەست هێنانی نازناوی وەرزی نوێ. شایەنی وتنە ئەو یاریزانە کۆلۆمبیە بەشێوەی خواستن بۆ ماوەی ساڵێك لەیانەی مۆناکۆی فەرەنسیەوە پەیوەندی بەیانەی چێڵسی کردوە دوای ئەوەی لەوەرزی رابردوو تووشی بێ ئومێدی بوو لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد.



# ڕۆژنامەی ئێسی ئیسپانی : پرسی پیپی هەمان شێوەی پرسی سێرجیۆ رامۆسە لەگەڵ یانەی شاهانە

ڕاپۆرتـــە ڕۆژنامەوانیەکانی وڵاتی ئیســـپانیا ئاماژەیان بۆکردوە ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لویس ڤان گال دوای ئەوەی ســـەرکەوتوو نەبوو لەبەدەست هێنانی تواناکانی بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید سێرجیۆ رامۆس، لەئێستادا تێروانینی خۆی گۆڕیوەو هەوڵ دەدات پیپی پورتوگالی بباتە ریزی یانەی شـــەیتانە ســـوورەکان. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی ئیسی ئیسپانی بڵاویکردۆتەوە ڤان گاڵ لەهەوڵ دایە شکســـتی بەدەســـت هێنانی تواناکانی رامۆس بە هاوشـــانەکەی پیپی پڕبکاتـــەوە، بۆیە دەکرێت لەچەند ڕۆژی داهاتوو ڤان گاڵ بەشێوەیەکی فەرمی داوای پیپـــی بکات. هەروەها ڕۆژنامەی ناوبـــراو روونیکردۆتەوە بارودۆخی پیپی هەمان بارودۆخی رامۆسە لەنوێکردنەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی شاهانە بەتایبەت کاتێ بۆندی ئەو یاریزانە لەگەڵ هاتنی ســـاڵی نوێی ٢٠١٦ بەکۆتا دێت و تا ئێستاش کارگێڕی یانەکە هیچ ئاماژەیەکیان نەدرکاندوە بـــۆ نوێکردنەوەی بۆندی ئەو یاریزانە بەپێچەوانەی بۆندی رامۆس کە هەرزوو بیریێ دانوستاندنی لەگەڵ دەست پێکرد بۆ بەردەوامبوون لەریزی تیپەکە. لەبەشـــێکی هەواڵەکەیدا ڕۆژنامـــەی ئێس ئەگەری ئەوەی دانـــاوە بۆندی پیپی و بچێتە نێو گفتوگۆکانی یانەی شاهانە و گۆڵپارێز دی خیا لەگەڵ مانچستەر یونایتد، چونکە ریال مەدرید ئارەزووی زۆری هەیە بۆ بەدەســـت هێنانی تواناکانی گۆڵپارێز دی خیا.




# لۆتەر ماتیۆس: مۆرینهۆ باشترە لە گواردیۆلا

یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرەن میونشـــن لۆتەر ماتیۆس رەخنەی لەئاستی ڕاهێنەری ئیسپانی پیپ گواردیۆلا گرت لەگەڵ یانەکە بەتایبەت دوای دۆڕانی لەیاری ســـوپەری ئەڵمانـــی بەرامبەر بەیانەی ڤۆلفسبۆرگ. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ ســـپۆرتی ئیتالی لەزاری ماتیۆس بڵاویکردۆتەوە گواردیـــۆلا یەکێکە لەباشـــترین ڕاهێنەرەکانی جیهان، بەڵام لەهەموویان باشتر نیە. هەروەها ماتیۆس ئاماژەی بۆکـــردوە بەبڕوای خـــۆم مۆرینهۆ باشـــترین ڕاهێنەرە لەجیهـــان چونکە کارەکانی مۆرینهۆ دیار و بەرچاوترە، ریزی تەواویشم بۆ گواردیۆلا هەیە. لەکۆتایی قسەکانیدا ئەو ئەســـتێرەیەی پێشووی ئەڵمانی وتی: پێویستە ئێمە زیاتر روون و راشکاوانە بین لەم ماوەیە دا ئایا هۆکاری نوێ نەکردنەوەی بۆندی گواردیۆلا لەلایەن دەســـتەی کارگێڕی یانەکـــە چیە ئایا بەنیـــازە بچێتە یانیەکی دیکە؟

شایانی باســـە راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژە بەرۆیشتنی گواردیۆلا بۆ یانەی مانچستەر سیتی دەدەن لەسەرەتای وەرزی داهاتوو .



## ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان پاڵەوانی نۆر وای کوپ:
# دەبێت کار بکرێت بۆ مانەوەی ئەو تیپە کە نازناوی پاڵەوانێتییەکەی نەرویجی بەدەستهێنا

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان لە جامی نۆر وەی کوپ لە وڵاتی نەرویج لە یاریی کۆتایی ڕووبەڕووی یانەی هاندیگ گەیلۆی نەرویجی بووەوە، توانی یارییەکە بباتەوە و نازناوی جامەکەش بۆ یەکەم جار بەدەستبهێنێت و لە کۆی سەرجەم هەڵبژاردە بەشداربووەکان جامەکە بگەیەنێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو ساڵێك دوای کۆتایی هاتنی پاڵەوانێتییەکە تیپی هەڵبژاردەی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە تاکو ساڵێکی تر کار لەسەر ئەم هەڵبژاردەیە ناکرێت، بۆیە ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵان هەڵبژاردەی کوردستان بەسەرپەرشتی ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەر توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بهێنێتەوە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەستەی ڕاهێنەران پێیان باشە ئەم تیپە بەردەوام کاری لەسەر بکرێت، لە بارەی بەدەستهێنانی نازناوەکەش ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: هەر چەندە بە شێوەیەکی زۆر باش خۆمان ئامادە نەکردبوو،

# دهۆک بەشداریی خولی باسکەی عێراق ناکات

**هەر چەندە لە ساڵانی ڕابردوو تیپی باسکەی یانەی دهۆك یەکێك بووە لە تیپە بەهێز و ڕکابەرەکانی خولەکە و چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئاسیا و عێراق، بەڵام وەرزی ڕابردوو بەهۆی ئەو قەیرانە دارایییەی کە بەرۆکی یانەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووە، بۆیە یانەی دهۆك لە وەرزی ڕابردوو لە ناوەڕاستی خولەکە خۆکێشانەوەی لە خولی نایابی باسکەی عێراقی ڕاگەیاند، بۆ ئەم وەرزەش هەر چەندە یەکێتیی تۆپی باسکەی عێراقی بڕیاری مانەوەی هەردوو تیپی زاخۆ و دهۆکی دا لە خولی**

# لەمە بەدواوە هەولێر تەنیا پشت بە کوڕانی شارەکەی دەبەستێ

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی هەولێر لە هەریەك لە خولەکانی جامی یەکێتیی یانەکانی ئاسیا و خولی نایابی عێراق و خولی نایابی یانەکانی کوردستان نەیتوانی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولەکان بەهۆی قەیرانە دارایییە بەردەوامەکانی کە ڕووی لە یانەکە کردبوو، بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆری یاریزانە پیشەگەرە عەرەبەکانی یانەکە و بەشێك لە یاریزانە کوردەکانیش ریزی یانەی هەولێریان جێهێشت و بەرەو یانەکانی تری عێراق کۆچیان کرد، یانەی هەولێر بڕیاری ئەوەی دابوو کە بەشداری خولەکان نەکات، بەڵام دواجار بەهۆی پێدانی بەڵێنەوە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار بڕیاری بەشداری کردنی دا لە خولی عێراقی و کوردستان، بەڵام ئەمساڵ دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بڕیارێکی زۆر تایبەتی داوە بۆ یانەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی کورد، پێکهاتە و پشت و پەنای هەولێرییەکان لەم وەزرە تەنیا یاریزانی کورد دەبێت و پشت بە یاریزانی بیانی و عەرەب نابەستێ، ئەمەش یەکەم ساڵە کە یانەی هەولێر ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات، بۆیە یانەی هەولێر تەنیا گرێبەستی هەریەك لە یاریزانان(هەردی سیامەند، دیار ڕەحمان، دلێر



بـــەڵام توانیمان بە ئیرادەیەكی بەهێـــزەوە بچینە نێو كەش و هەوای پاڵەوانێتییەكە و ئامانجی خۆشمان پێكا لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایســـتە و گەڕانەوەی نازناوەكە بۆ هەرێمی كوردستان، سەرەڕای ئەو قەیرانە داراییەی كە رووی لە وەرزشـــی هەرێمی كوردســـتان كردووە، بەدەســـتهێنانی ئەم ئەنجامەش دەســـتكەوتێكی گەورەیە و پێویســـتە كاری لەســـەر بكرێت و بپارێزرێت. ئێمە وەكو دەســـتەی ڕاهێنەرانـــی تیپ ئامادەین بۆ بەردەوامبـــوون لە كاری خۆمان و مانەوەی تیپەكە، بەڵام مانەوەی تیپەكەش پەیوەســـتە بە یەكێتیی تۆپی پێی كوردستان، با بزانین بەرنامەی ئەوان چییە.

لە بارەی مانەوەی تیپەكەش ئەرســـەلان جەلال وتی: بەڵێ زۆر شـــت هەیە دەبێت بكرێت بۆ مانەوەی ئـــەو تیپە، چونكە دەتوانین ســـوودێكی زۆریان لـــێ ببینین و ئەوان ســـەلماندیان كە یاریزانی كورد لە ئاســـتی خۆیەتی لەسەر ئاستی ئەورووپاش، بۆیە ئێمە وەكو دەستەی ڕاهێنەران لێیان ڕازین بەو ئاستەی پێشكەشیان كرد.



**نایابی عێراق، بەڵام دهۆك بڕیاری دا ئەمســـاڵیش بەشداری خولی نایابی یانەكانی عێراقی نەكات بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی كە بەرۆكی یانەی دهۆكی گرتووە بۆیە ناتوانێ بەشـــداری یارییەكانی خولی عێراقی بكات، زەكی نەبی سەرپەرشـــتیاری تیپی باســـكەی یانەی وەرزشی دهۆك ئەوەی ئاشكرا كرد گوتی: هەر چەندە ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەشـــداری كێبڕكێی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەكانی عێراق بكەین یاریزانی پیشەگەر بهێنین و لەگەڵ یاریزانانی گەنجی شارەكەمان بەشدارببین، بەڵام لەبەر ئەو قەیرانە داراییەی توندەی ڕووی لە یانەكەمان كردوە پێمان باشتر بوو كە ئەمساڵیش بەشداری یارییەكان نەكەین، چونكە تیپەكانی تری بەشـــدار لە خولەكان بە بەهێزی دێنە نێو كێبڕكێیەكان ئێمە توانای ئەوەمان نییە كە بتوانین یاریزانی زۆر بهێنین، بۆ خولی كوردســـتانیش تاكو ئێســـتا نازانین كەی یارییەكانی خولی كوردستان دەستپێدەكات بۆیە بڕیاری ئەوەمانداوە بە یاریزانانی كوردی شاری دهۆك بەشداری یارییەكان بكەین.**

حاتەم، ســـەرهەنگ موحسین، بارزان شـــێرزاد، رامیار ئازاد، ئیڤان خالید، محەمەد خالید، دڵدار خدر)ی نوێ كردۆتەوە، لە بارەی گرنگیدانی زیاتریش بە یاریزانانی كورد مەحمود عەزیز جێگری سەرۆكی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: ئێمە ئەمساڵ بەرنامەیەكی تایبەتمان هەیە بۆ گرنگیدان بە یاریزانانی كورد، بڕیاری ئەوەشـــمانداوە بە یاریزانانی كورد بەشـــداری لە خولەكانی كوردستان و عێراق بكەین، چونكە ئێمە دووچاری قەیرانی دارایی بووین و ژمارەیەك یاریزان تیپەكەمانیان جێهێشتووە و بۆیە دەستەی كارگێڕی یانەكەمان بڕیاری ئەوەی داوە تەنیا پشـــت بە توانای یاریزانانی كورد ببەستێ، بۆیە زۆربەی یاریزانانی خۆمان گرێبەستیان نوێ كردۆتەوە، جگە لەوانیش هەریەك لە یاریزانان دیار یاخی و كامەران عەلی لە یانەی زاخۆەوە پێوەندییان بە یانەی هەولێرەوە كردووە و گرێبەستی هەریەك لە یاریزانان بورهان جومعە و محەمەد خالید جەفال كە هەردووكیان عەرەبن نوێ كراوەتەوە، جگە لەم دوو یاریزانەش هیچ یاریزانێكی تری عەرەب ناهێنینە ریزی یانەكەمان، بۆ ئەركی ڕاهێنەرایەتیش پشتمان بە ئەحمەد سەڵاح بەستووە كە لەگەڵ مۆفق یونس سەرپەرشـــتی تیپەكە دەكەن، ئەگەر ڕاهێنەرێكمان هێنا ئەوە بڕیار دەدەین، ئەگەر نەشـــمان هێنا هەر ئەوان بەردەوام دەبن، بۆ ڕاهێنەری گۆڵپارێزی تیپەكەشمان كاوە ئیبراهیم گەڕاوەتەوە یانە و سەرپەرشتی گۆڵچییەكانی تیپەكەمان دەكات، متمانەی تەواویشـــمان بە یاریزانانی خۆمان هەیە كە دەتوانن ژمارەیەكی گەورە بن لە وەرزی نوێ، گرفتی ئێمە تەنیا ئەو قەرزەیە كە لەســـەرمان كۆبۆتەوە، ئەگەرنا هیچ گرفتێكی ئەوتۆمان نییە، بەهیوای ئەوەشین لایەنی بەرپرس هاوكاری تیپەكە بێت.